

# ئالان ڕۆب گرێ و مەسەلەکانی ڕۆمانی نوێی فەڕەنسا

و: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

چەند تەوژمێکی ئەدەبی نوێ لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە فەڕەنسا پەیدابوون، لە شانۆ (ساموئیل پیکیت و ئۆجین یونسکۆ) نوێنەری بوون، لە ڕۆمانیشدا (ئالان ڕۆب گرێ و میشال بۆتۆرو کلۆد سیمۆن و ناتالی ساروووت) نمایندەی بوون، کەچی لایەنی بە دەسەڵات لەم هەموو تەوژمگەلەدا، لایەنی ڕەخنەیی موتڵەق بوو، لە هەموو بنیاتنانە هونەرییەکاندا بەرەو ئەوپەڕی سنوورێکی گونجاو تەکانی پێدا، بۆیە شاعیرو ڕۆماننووس و شانۆنووس واتاخاوەنی داهێنانی هونەری بە شێوەیەکی گشتی هەر بەوەوە نەوەستا، کاتێک کە خەریکی داهێنانی هونەری دەبێ چاودێریی خۆی دەکات، بگرە لێرەوە دەپەڕێتەوە بۆ مەسەلەی واتای داهێنان و بتوانێ هەمان بەرهەمی هونەریی خۆی بەکاربهێنێ، بۆیە زاراوەی ناچامەو ناشانۆو ناڕۆمان سەریهەڵدا، ئەمەیش ئاشکراکردنی ئەو ڕەنگدانەوانەبوون، لە ئەدەبدا ئەنجامی ئەو بیرە فەلسەفییە هاتە کایەوە، کە دەڵێ بوون واتا نەمان.. کەواتە لایەنگرانی ڕۆمان لەم چەمکەوە شیرازەکانی ڕۆمانی کلاسیکی لەبنەوە هەڵدەتەکێنن و بانگەشەی نەهێشتنی دەکەن، وەکو (برێخت) نەهێشتنی شانۆنامەی کلاسیکی و بنەماکانی ڕاگەیاند، بەڵام هەردوو ڕوانگەکە جیاوازن، بگرە ناکۆکیش بوون، چ سەبارەت بەو ئامانجەی کە لەکاری هونەریدا چاوەڕوان دەکرێت، لەمەڕ (برێخت) گەڕان بوو بەدوای ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان و ناسنامەی تاک لە نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

و مەرجە ئابوورییەکاندا، ئاراستەکردنی تاک رووەو حەقیقەتەکانی واقیعی بابەتی، بەڵام لەمەڕ رۆماننووسانی وەکو (رۆب گرێ) ئامانجەکە گەڕان بوو بەدوای راستییەکانی تاکدا، کە خۆی لەخۆیدا دانپیانانێکە بەو بێزارییەی کە ئەنجامی هەستکردنە بەبوونی شتەکان و گەوهەرەکانیان و ئەوەی تەنها ئامرازەکانی هەستپێکردن سەرەنجیان دەدات، بەڵام شتێک هەیە (برێخت) و شانۆکەی و (رۆب گرێ) و رۆمانەکەی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە نەبوونە شۆڕەسواری گۆڕەپانی ئەدەبی و ئەدەبەکەیان بسەپێنن، کە گوایە تاقە توانایەو هیچی دیکە. (برێخت) لە شانۆدا ویستی دژ بەواهیمە بوەستێ، بۆیە شانۆیەکی نوێی لەسەر (تەغریب) و لەسەر هۆشیاریی بینەر بنیاتناوە، بۆ ئەو راستییەی کە لەپێش چاویدا نمایشدەکرێت و لەیەک دەشوبهێنرێت، بەڵام شانۆی واهیمە خۆی لە خۆیدا چ شانبەشانی (برێخت) و چ پاش ئەویش بەردەوام بوو، وەکو چۆن جۆرەکانی رۆمانیش بەردەوام بوون، کە (رۆب گرێ) بەجۆرە مردووەکانی ناودەبرد، ئەگەرچیش لە سەردەمی ئێستاماندا بەکاربهاتبایە..

لێرەدا ناچینە نێو لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییەوە، بەڵام ئەم روونکردنەوەیە کارێکی بەئەمەک بوو، هەوڵیش دەدەین شتێک لەبەرهەم و بیروبۆچوونە رۆمانووسیینەکانی (رۆب گرێ) بخەینەڕوو، ئەو بنەمایانەش روونکەینەوە کە رۆمانی نوێ لەلای ئەودا لەسەری دامەزراوە..

ئالان رۆب گرێ لە (برست) ساڵی ١٩٢٢ لە دایکبووە، پلەی خوێندنی ئەوەی بە بەرەوە نەبوو کە بیکات بە نووسەر یان ئەندازیار، دوابەدوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، لە نێوان ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٥دا لە پەیمانگەی نیشتمانیی ئەندازیاریی کشتوکاڵدا دەستی بە خوێندنکرد، دواجار بۆ ئەرکی سەرژمێری لە ئامارگەی نیشتمانیدا ئەو کارە خرایە ئەستۆی، بەرلەوەی بۆ ساڵی دوایی رووبکاتە خوێندنی بایۆلۆژی، لە ساڵی ١٩٥٠-١٩٥١ بوو بە ئەندازیار لە پەیمانگەی میوەو ترشەمەنی لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا، ئەم کارەش ئەوەی بۆ رەخساند بە مەغریب و کینیاو گوادلوپ و مارتینیکدا گەشت بکات. یەکەم رۆمانی تاساڵی ١٩٥٣ بڵاونەکردەوە (رۆب گرێ) سەبارەت بەم قۆناغەی خۆی نووسیویەتی: (کاتێ لە هەڕەتی لاویدا بووم هیچ چالاکییەکی ئەدەبییم نەبوو، جگە لەوەی یەک دوو شیعرم نووسی، ئەمەیش هەموو شتێک بوو، جگە لەوەش لەگەڵ ئەو کەسانەدا نەدەژیام کە بە نووسینی ئەدەبییەوە خەریکبوون، هەموو هاوڕێکانم ئەندازیار بوون، ئەوەبوو لە پڕێکدا لەو سەردەمەدا چی دەنووسرا و چی نەدەنووسرا لێی ئاگاداربووم، چونکە هەرگیز زادەی دەوروبەری ئەدەبی نەبووم، کە چۆن زۆرجار ئەمە دەبێ).

بە نمایندەی ئەدەبی چاپەمەنییەکانی (مینۆی) دامەزرا، ئەنجا بەیەکجارەکی خۆی بۆ ئەدەب تەرخانکرد. دواجاریش بۆ سینەماو دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی رۆمانەکانی، یان دوو ساڵ جارێک فیلمێکی دەردەهێنا. وەنەبێ (رۆب گرێ) رۆمانی نوێی داهێنابێ، بەڵام هەر زوو خۆی سەپاندبوو، بوویش بە رابەرێکی ئەم بزوتنەوە ئەدەبییە، لەگەڵ ئەوەشدا بووە باو کە ناوی چەند نووسەرێکی جیاجیا لەژێر ئەم دروشمەدا ریزبکرێت، وەکو: «ناتالی ساروت، میشێل بۆتۆر، کلۆد سیمۆن»، ئەوانە کە هیچ شتێک بە یەکیانەوە نابەستێتەوە، تەنها رەتکردنەوەی جۆرەکانی رۆمانی تەقلیدی نەبێت.

هاتنی (رۆب گرێ) بۆ بواری ئەدەب دواکەوت ئەوەبوو ساڵی ١٩٥٣ رۆمانی (المحايات-سڕێنەرەوەکان)ی بڵاوکردەوە، (بەڵام یەکەم بەرهەمی بەناونیشانی «بکوژی پاشا»وە بوو بڵاونەکرایەوە) رۆمانێکە لە حیبکەدا شێوەی رۆمانێکی پۆلیسییە، (ڤالاس) رادەسپێردرێت بۆ ئەوەی لە زنجیرەیەک کوشتنی سیاسی بکۆڵێتەوە، دەگاتە ئەو شارەی کە تازە تاوانی کوشتن لێی روویداوە، وەلێ ئەوەی تاوانەکەی دژ ئەنجامدراوە نامرێت، پاش لێکۆڵینەوەیەک رۆژێک ناخایەنێ، (ڤالاس) خۆی (دۆبۆن) ناوێک دەکوژێت، لەڕاستیدا باوکی خۆیەتی، کۆمەڵێک ئاماژە وامان لێدەکات، هەست بکەین کە جۆرێکی نوێیە لە بابەتی شانۆنامەی (ئۆدیب)، بە تایبەتی ئەو گفتوگۆ زۆر و وردانەی دەربارەی چەند کارگەیەک کە (ڤالاس) دەیەوێ بیانکرێت، چونکە مۆرەکەیان بریتییە لە دوو پیتی ناوەڕاستی (دی)و (لەگەڵ)، کەمترە لە دوو پیتی پێشەوەو دواوەیان، دواجار ساڵی ١٩٥٥ دووەم رۆمانی بڵاودەکاتەوە، بە ناونیشانی (هەستگر) پاڵەوانەکەی ناوی (ماتیاس) ەو بازرگانە، بۆ فرۆشتنی زنجیری کاتژمێر دەچێتە دوورگەیەک، دوای ئەوەی پاسکیلێک بەکرێ دەگرێت، بە ماڵە تەریکەکاندا دەگەڕێ، لە یەکێک لە ماڵەکاندا

وێنەی کیژێکی منداڵی بەرچاو دەکەوێت، پێی دەڵێن نزیک ڕۆخە بەردینەکە لەوێ مەڕ دەلەوەڕێنێ. لێرەدا چیرۆکەکە دەپچڕێت و (ماتیاس) دەبینین کە زۆر بە زەحمەت لە یەکێک لە کرپارەکانی دەگەیەنێت، سەعاتێک لەمەوبەر چی کردووە، سەردانی چ ماڵێکی کردووەو پاپۆڕ بەجێی دەهێڵێ و ناچار دەبێت ئەوشەوە لە دوورگەکە بەرێتە سەر، بۆ ڕۆژی دوایی ئەو منداڵە دەبینێ کە چاوی لێبوو منداڵەکەی کوشت، بەڵام منداڵەکە قسە ناکات، بێئەوەی کەس بزانێت، کابرایش دوورگەکە بەجێدەهێڵێ، (ڕۆب گرێ) لە ڕۆمانەکەدا بایەخ بە تەکنیکی پێشکەشکردنی چیرۆکەکە دەدات، وەلێ ڕووداوە سەرەکییەکە کە کوشتنە لەژێر پەردەیەکی بێدەنگیدا تێدەپەڕێت.. بەڵام ڕۆمانی (دڵپیسی)ی، ساڵی ١٩٥٧ بڵاویکردووەتەوە، ڕووداوەکەی لە مەزرایەکی مۆزدا دەقەومێت، لە جێگەیەک لە وڵاتێکی ئیستیوائیدا، ناونیشانەکەشی دڵپیسیە کە لە زمانی فەڕەنسیدا بریتییە لە واتایەکی دوولایەنە، دیسان واتاکەشی ئەوەیە: کۆمەڵە چیغێک برە پەنجەرەیەک، داخراو یان کراوە، دەتوانرێت لەدوو توێیاندا مرۆڤەکان بەدیبکرێن، یان لە تەماشاکردن بشارێنەوەو ڕێیان پێدەدرێت یان جیهانی دەرەوەیان لێ قەدەغە دەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دڵپیسیی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت، لە ڕاستیدا ئەوەندە نابات خوێنەر هەست بەوەدەکات، کە فرانک و (أ) بە تایبەتی (أ) چاوێکی شاراوە چاودێرییان دەکات، ئەویش چاوی ژنەکەی (أ)ەو، گومانیشی هەیە لەوەی ژنەکەی لەگەڵ فرانکدا دەستی تێکەڵکردبێت، واتا هەست و سۆزەکان لەژێر ڕەوتی ئامادەکراوی لەمەوبەری چیرۆکەکەدا ون دەبن، لە شایەتییەکی دادگا دەچێت، یان وەکو چۆن چیرۆکەکە دەرخستنی ڕووداوێکی واقیعی بێ.. لێرەشدا دەوری ڕۆماننووس وەکو دەوری ئامێرێکی وێنەگرتن وایە، کە لە فیلمەکەدا دەرناکەون، گەرچی لە دروستکردنی فیلمەکەدا دەورێکی سەرەکیشیان هەیە، بەدوو شایەتە دەچن، بەڵام سڕاونەتەوە، گەرچی ئامادەیشن، بەڵام کەس نایانبینێت.. ڕۆماننووس تەنها لە نێوان دوو دڵی و ترس و وڕێنەو ئەندێشەکانییەوە دەردەکەوێت، ئەمانەیش بنەماو پاڵپشتی چیرۆکن، کاتێ (ڕۆب گرێ) وشەی (ئێستا) بەکاردەهێنێ، زەمەنی یەک لە دوای یەکی ڕووداوەکان ڕەتدەکاتەوە، بەڵام بەکارهێنانیش بارودۆخێکی نائاسایی بێ زەمەن دەرەخسێنێ..

ساڵی ١٩٥٩ ڕۆمانی (گێرەشێوێنی) دەردەچێت، ئەمەیش سەربازێک پیشاندەدات، کە دوای هەرەسهێنان دەگاتە شارێک، بەفر بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە شەقامە لەیەکچووەکانیدا دەبارێت، سەربازەکە بەدوای کابرایەکدا دەگەڕێت، باوکی یەکێک لە هاوڕێ کوژراوەکانییەتی، تا ئەو نامەیەی پێیەتی بیداتێ، بەڵام سەربازەکە بریندار دەبێ لەو هێرشەدا کە لێی ڕزگاری دەبێت و بەوجۆرە دێت تا لەماڵی پزیشکێکدا بمرێت.. ڕووداوەکان لەم ڕۆمانەدا بەو کەلوپەلانە کۆتایی دێت، کە لەژووری حیکایەتخوانەکە خۆیدا هەیە (بە تایبەتی ئەو تابلۆیەی دیمەنی مەیخانەیەکە لە دوای هەرەسهێنان)، چیرۆکگێڕەرەوە لە شێوەی پزیشکێک لە چیرۆکەکەدا تێکەڵ دەبێ و ڕووداوەکانی پێشووی چیرۆکەکە بە یاددەکاتەوە، سەرلەنوێ تێهەڵکێشیان دەکاتەوە، هەندێ لە ڕووداوەکانیش ڕاستدەکاتەوە، ڕەوت و لایەنە هەڵەکان پشتگوێ دەخات و کەمەندکێشی ئەو گێرەشێوێنییە دەبێت، کە بریتییە لەو کارە ئەدەبییەی لەسەریەتی بینووسێتەوە، ئەو گێرەشێوێنییەی پزیشکەکە (حیکایەتخوانەکە یان نووسەرەکە) دەرفەتێکی بۆ نادۆزرێتەوە، تەنها لە دوا لاپەڕەی ڕۆمانەکەدا نەبێت..

ساڵی ١٩٦١ ڕۆب گرێ بۆ (ئالان ڕێنێ)ی سینەماساز سیناریۆی چیرۆکی (ساڵی ڕابردوو لە مارینبادا)ی لەشێوەی چەند دیمەنێکی تەواودا بۆ دەنووسێت، (ڕێنێ) ئەم چیرۆکە بۆ سینەما دەردەهێنێ، پاش ئەوەش ئەو دیمەنانە لە شێوەی ڕۆمانێکی سینەمادا، لەگەڵ چەند وێنەیەکی فیلمەکەدا بڵاودەکاتەوە، وەکو لە ڕۆمانی (نەمر)یش هەمان شت دەکات، ڕۆمانی (ساڵی ڕابردوو لە مارینبادا) لە ئوتێلێکی جیهانیی گەورەدا کابرایەکمان پێدەناسێنێ، لەگەڵ ژنەکەیدا چاویان بەیەک دەکەوێت و دەیەوێت پێی بسەلمێنێت ساڵی ڕابردوو لەهەمان ئوتێلدا چاویان بەیەک کەوتووەو یەکیان خۆشویستووەو ئێستاکەش هاتووە تا لەگەڵ خۆیدا بیبات، وەکو لەمەوبەر داوای لێکردبوو، بەڵام ئەم ژنە لاوە کەسێکی دیکە پاسەوانییەتی و دەشێ مێردەکە بێت، لە بڕیاردان دوودڵ دەبێت، دواجاریش دەڕواو کابرا بەجێدەهێڵێ، دەیەوێ بیخەڵەتێنن وا دەردەکەوێت لە دوا قۆناغدا خۆی بەدەستەوە دەدات، بەڵام حیبکەی چیرۆکەکە لە ئاڵۆزیدا نووقم دەبێ و سەرجەم چیرۆکەکەی دەگرێتەوە، ئەم فیلمە هەرایەکی زۆری نایەوەو بووە

هۆی دەمەتەقێیەکی زۆر گەرم..

(رۆب گرێ) دوای بڵاوکردنەوەی کۆچیرۆکی (دیمەنەکان) لە ساڵی ١٩٦٢دا، پەرە بە تەکنیکی وەسفکردن دەدات، ساڵی ١٩٦٣یش دەست بەدەرهێنانی فیلمی (نەمری) دەکات، بەتەنها خۆی و بە شێوەیەک تەواویشی دەکات، کەسایەتیی رۆماننووس لە فیلمەکەدا دەردەکەوێت و دەژی و بیردەکاتەوە، دەربارەی بابەتی حیبکەکە بیروڕایەکی زۆر هەیە، پاڵەوانی چیرۆکەکە مامۆستایەکی فەرەنساییە لە ئەستەمبووڵ، لەگەڵ ژنێکی لاوی سەنگین یەکتر دەناسن، لە زۆر داوەتدا چاویان بەیەک دەکەوێت، دواجاریش ژنەکە ون دەبێت، شوێن نامێنێ بەدوایدا نەگەڕێت، دوایی کە دەیدۆزێتەوەو بە ئۆتومبیلەکەی لەگەڵ خۆیدا گرێی دەدات، ئەنجامی کارەساتێک ژنە دەمرێت، بەلام پاڵەوانەکە بەردەوام دەبێت لە لێکۆڵینەوە، دەربارەی ئەو ژنەی لەگەڵیدا بووە، کە لەسەر پەنجەرەی ئۆتومبیلەکەیدا مرد، بەلام درۆو راست لێرەدا لە کوێیە؟ لە فیلمەکەدا شتە واقیعییەکان بەهەمان شێوەی سینەما وێنەدەکرێت، کە لایەنە دەستکردەکەی دەردەخات؟

(رۆب گرێ) کتێبی (لە پێناوی رۆمانێکی نوێدا) بڵاودەکاتەوە، ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵە وتارێک دەربارەی رۆمان، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٥٥-١٩٦٣، بەلام رۆمانی (خانووی داوێن پیسی- ١٩٦٥) رۆمانێکە بەرەو جیهانی رۆمانی میللی دەمانبات، یان بەرەو دنیای چەتەگەری، چەند بوارێکن (رۆب گرێ) بە شێوەیەکی فراوان دیالۆگە راستەقینەکانی لێوە هەڵدەهێنجێنێ، بابەتی ئەم رۆمانە وەکو (دڵپیسی) دیاری کراو نییە، بگرە بە پێچەوانەوە تاکۆتایی فراوان دەبێت و لق و پۆپی لێدەبێتەوە، پاڵەوانەکەی کابرایەکە لە هۆنگ کۆنگ ناوی (جۆنسن)ە، گومانی لەسەرە ئەو کەسە بێت (مانۆرێ)ی کوشتبێت، دەیەوێ لە (ماکاو) رابکات و سۆزانییەکی جوان دەکرێت و ناوی (لۆرین)ە، کە لە (لیدی ئاڤا) سەرپەرشتیی خانوویەکی گەورەی لەشفرۆشی دەکا، هەوڵدەدا بە قەرز پارەیەکی پێویست وەربگرێت، بەلام دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر بە (مانۆرێ) دەگات و دواجاریش دەیکوژێت. ئەم کارە ئەدەبییە خۆی لە خۆیدا لەگەڵ رۆمانی میللیدا دەمەتەقێیەکی گاڵتەجاڕی نییە، بگرە نووسەر توێژە سەرەکییەکان بەکاردەهێنێ بۆ دامەزراندنی رۆمانە نوێیەکەی، بەپێی هونەرێک کە تایبەتە بەخۆی، بەلام فیلمی (شەمەندۆفێری تیژڕەوی ئەوروپا- ١٩٦٦) بابەتەکەی لە ئەدەبی پۆلیسی و ئەدەبی دڵدارییەوە وەرگرتووە، ئەو شەمەندۆفێرەی کە لەسەر هێڵی پاریس- ئەنیڤەر کاردەکات، یەکێک لە پیاوانی سینەما (ئەم دەورەش رۆب گرێ خۆی دەیبینێ) بیردەکاتەوە لە چیرۆکی بازرگانی تلیاک کە لەو شەمەندۆفێرەدا هەمان گەشتدەکات، بەو جۆرە فیلمی بە ئەندێشە دروستکراو لە پێش چاوماندا دەبێتە رواڵەتێک، چەند ئەزموونێکیش لە دیمەنە سینەمایەکاندا بەدیدەکەین، ئەوجایش ئەو دیمەنە تەواوانەی کە هەمیشە پەیوەندییان بەوەوە نییە، کە کابرای سینەمایی بیری لێکردووەتەوە، بەلام بازرگانی تلیاک کە تازە دەستی بەو پیشەیەکردووە، وەک چۆن پێی راسپێردراوە فەرمانەکانی رادەپەڕێنێ، دواجاریش تووشی دەبێ بەتووشی سۆزانییەکەوەو دەیکوژێت... لێرە ئەندێشە وادەردەکەوێت کە مەبەستەکە خودی خۆیەتی، جگە بۆ پێکەنین کە بەشێوەیەکی ئاشکرا دیارە، دەورە سەرەکییەکە (ژان لوی ترانتینیان) دەیبینێ، کە لە فیلمەکەدا دەیناسین و لە ژیانیشدا هەمان ئەکتەرە دەیبینین، فیلمێکی دیکە (ئەو پیاوەی درۆ دەکات) ١٩٦٨، لەوەش دوورتر دەڕوانێتە رەتکردنەوەی گشت بەردەوامبوونێکی رۆماننووسین. لە فیلمەکەدا کابرایەک بەناوی (بۆریس) لە دارستانێکەوە پەیدادەبێ و دەچێت بۆ یەکێک لە گوندەکان، دواجاریش دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکات، چەند رووداوێک دەهێنێتەوەو چەند پەلوپۆیەکیان لێدەبێتەوەو تێکەڵ دەبن، زۆربەشیان لەگەڵ یەکدی ناکۆکن، بەلام دەتوانین ئەو چیرۆکەیان لێ جیابکەینەوە کە باسی بەرگریکردن دەکات.

(ژان)ی هاوڕێی بۆریس سەرۆکی دەستەو تاقمێکی نهێنییە، بەلام دەستگیردەکرێ و دەتوانێت بەرەو دارستانەکە خۆی قووتار کات و لەلای چەند برادەرێکی خۆی دەشاردرێتەوە، کەچی یەکێک لەوانە دەیداتە دەستەوە، بەلام بۆریس لە رێگەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسانی فیلمەکە داهێنان بەدەست دەهێنێ، نەک لە رابردووەکەی، چونکە رابردووی نییە (وەکو لەلای رۆب گرێ هەمیشە بەو شێوەیەیە، بەلام مێژووی ئێستای لەگەڵ واقیعەکەی دەوروبەری یەکناگرێتەوە).

ساڵی ١٩٧٠ رۆمانێکی نوێی دەردەچێت

بەناونیشانی (پرۆژەی شۆڕش لە نیویۆرکدا).
ئەمەیش بابەتەکەی لق و پەلکی زۆری لێ دەبێتەوە، بەچڕی و خەستی نموونەی نوێی تاوانکردن و سێکس بەکار دەبات.

شاری نیویۆرک دەبێتە چوارچێوەی ئەو بەسەرهاتانەی روودەدەن، لەگەڵ پاڵپشتێکی تەواوەتیی کیژانی بەندکراو و پزیشکە دەروونناسەکانی شێتەکان و دزەکان و زەوییە نامۆکان، بە تایبەتی ئەو مێژووییەی کە گشت کردەوەیەکی تووندوتیژی تیا دەگونجێت.

نووسەر ئەم هەموو رووداوانە بەئەندێشە رێکدەخات و تێکەڵیان دەکات و پەرە دەسێنن تا دەبنە جۆرە یاریکردنێک.

لە هەمان ساڵدا رۆب گرێ فیلمی (عەدەن و پاش ئەوە) دەردەهێنێ، تیایدا هەمان لایەنە سەرەکییەکانی رۆماننووسین رەچاو دەکەین.

کۆبوونەوەی کۆمەڵە خوێندکارێک لەو قاوەخانەیەی کە ناوی (عەدەن)ەو چەند یارییەکی سەیرو سەمەرە دەکەن، کابرایەکی بیانییان لێ پەیدادەبێ و باسی ئەفریقای ئەندێشاوییان بۆ دەگێڕێتەوە...

(فیۆلیت) پەیمانێکی لێ پەسەند دەکات، بەڵام پاش گەڕانێکی دوورو درێژ لە کارگەیەکی ترسناکدا بە کوژراوی دەیدۆزنەوە، وەلێ بەشی دووەمی دەمانگوێزێتەوە بۆ تونس، بەچاوپێکەوتنی (فیولیت) بە کابرایەکی بیانی پەیکەرتاش، وەلێ دەردە سەرییەکی زۆر چاوەڕێی دەکات، دیمەنی شەڕو دوژمنایەتییەکی کوشندە بەچاو دەبینێت، بەهۆی دزینی تابلۆیەکەوە، فیلمەکە لە کۆتاییدا دەمانباتەوە بۆ قاوەخانەی (عەدەن)، وادەردەکەوێت لەمەوبەر هیچ شتێک لێی رووی نەدابێت. (رۆب گرێ) بە پەنابردنە بەر پوختەکردنی ئەم فیلمە چاپکراوەوە ساڵی ١٩٧١ بەناوی (ن..... بەردی نەرد وەردەگرێت) فیلمێک دەردەهێنێ، گەرچی لە راستیدا دەقێکی نوێی رۆمانی (عەدەن)ە.... ئەمە چاوپیاخشاندنێکی خێرابوو بە بەرهەمەکانی (رۆب گرێ)دا، بێگومان ئەگەرچی ئەمەیشەوە، بۆ ئەوەی بەقووڵی لە رێبازی رۆماننووسیەتی ئەو تێبگەین، دەبێ ئاگاداری چەمکە ئەدەبییەکان بین، لێرەش هەوڵدەدەین بیروباوەڕە سەرکییەکانی بخەینەڕوو لە رێگەی رەخنەو لێکۆڵینەوەکانی (هنری مێکسولۆ)وە...

(رۆب گرێ) دەڵێ: (رۆمانەکانم بەگشتی پێشوازیی گەرمیان لێ نەکرا، ئەمەیش لەوە کەمترە دەربارەیان بووترێت)...

لە راستیدا نەبوونی بەدەنگ هاتنەوەیەکی گەرم و گوڕ لەلایەن زۆربەی رەخنەگران و خەڵکییەوە بەرامبەر بە رۆمانەکانی (رۆب گرێ) یەکەمین راچڵەکین بوو. خوێنەر لەم رۆمانانەدا هەست بەنامۆیی و ناڕەحەتی دەکات، چونکە نووسەر بەرەو جیهانێک دەبات، وەکو چۆن مرۆڤ لەم جیهانە دوور کەوتبێتەوە، لەلایەکی دیکەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەم رۆمانانە دەبێ خوێنەر خووەکانی خۆی لنگەوقوچ کاتەوەو هیچ کارەکتەرێکی چەسپاویان تیا نییە، رووداوی چیرۆکەکانیش بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە، تەنانەت نیشانەیەکی روون و ئاشکراشیان تیا نییە، خوێنەر نازانێ لەسەر چ شتێک خۆی بگرێت و دەرحاڵ ونیش دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا (رۆب گرێ) دەیەوێت ئەرکی خوێنەر سووک کات، خۆیشی بەڕۆماننووس دادەنێت، نەک تیۆریستێکی رۆماننووسین، تەنها ئەوە لە پووختەیەکی بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا باس دەکات، لە کتێبی (لە پێناو رۆمانێکی نوێدا)، کە بریتییە لە کۆمەڵە نووسینێک زۆربەیان لە کاتی دەرچوونی رۆمانی (دڵپیسی)دا بڵاوبوونەوە.

٦-کۆتایی رۆمانی بەلزاسی (واتا بەلزاکی)...

(رۆب گرێ) پێی وایە رۆمانی فەڕەنسیی کلاسیکی سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنابوو، کە بەڕۆمانی (دۆ کلێڤی کچە شازادە) دەستپێدەکات، کە لە نووسینی خاتوو (دۆلافاییت)ە، تا گەیشتە لووتکە بە(کومێدیای مرۆڤایەتی)ی بەلزاک١، کەواتە لێرەدا ئەوە باوە کە رۆماننووسین لەسەر بنەمایەکی پتەو خۆی رادەگرێت، بۆ نووسینەوەی ئەو رووداوانەی دەیانگێڕێتەوە ئاگاداری نووسەر دەکاتەوە، دەبێ توانای روودانیان هەبێت و دەبێ ریزکردنیشیان بەشێوەیەکی لۆژیکی و کاریگەربن، دەشبێ کەسانێک پیشانبدات و بیانخاتە سەر شانۆ، کە رۆماننووس خوو و رەوشت و هەست و نەستیان بە شێوەیەکی قووڵ شیبکاتەوە. کەچی نووسەر بەوەوە ناوەستێت، بگرە چەند دیاردەیەکی قووڵ دەخاتە ناو رۆمانەکەیەوە، چ دەروونی بێت، چ کۆمەڵایەتی یان میتافیزیکی بێ، یان ئایینی بێت... تاد. ئەم رۆمانە پێش هەموو شتێک پشت بەو رێککەوتنە دەبەستێ، کە لە نێوان خوێنەرو رۆماننووسدا لەمەوبەر دروست

ببوو، ئەویش ئەوەیە بڕوا بە خوێنەر بهێنێ، یان بە ڕاستگۆیی واقیعی چیرۆکەکەی خۆی نیشان بدات دەبێ: (قەناعەت بهێنێ بەخوێنەر بەو ڕووداوانەی کە بۆی دەگێڕێتەوەو لە کەسێکی واقیعی قەوماوەو تەنها لەسەر ڕۆماننووس ئەوەیە وەکو شایەتێکی بێلایەن ئەو ڕووداوانە بگەیەنێ و بیانگێڕێتەوە، بەو جۆرە ڕێککەوتنێکی تەواو لە نێوان نووسەرو خوێنەردا دروست دەبێت، نووسەر خۆی واپیشان دەدات کە ئەوەی دەیگێڕێتەوە ڕاستەو خوێنەریش ئەوەی لە بیردەچێتەوە هەموو شتی دەستکرد بێت، واهەست دەکات لەگەڵ نامیلکەیەکی واقیعیدا مامەڵە دەکات، یان لەگەڵ سەرگوزشتەیەکی کەسیەتی یان چیرۆکێکی زیندوودا) -روب گرێ

بەڵام ئەم ڕێبازی ڕۆماننووسینە لەدوا لوتکەوە کە (بەلزاک) نوێنەرایەتی دەکات، هێدی هێدی شۆڕدەبێتەوە، لە فلوبێرەوە تا دەگاتە (پرۆست)و لە پرۆستەوە تا دەگاتە (فۆکنەر)و لە فۆکنەرەوە تا دەگاتە (پێکیت)..

چۆن نووسینی ڕۆمان بە نەگۆڕی و وشکی دەمێنێتەوە، گەرچی لە دەوروبەریدا لەم سەدو پەنجا ساڵەی دواییدا هەموو شتێ بەخێرایی پەرەی سەند؟..

لوتکەی ڕۆماننووسینی بەلزاسی لەگەڵ سەرکەوتنی برژوادا ڕێککەوتنێکی مێژوویی دروست کرد، بەڵام جیهانی سەدەی بیستەم زۆر جیاوازە، چونکە ناسینی خودمان و ئەوەی لە دەوروبەردایە گۆڕاوەو قەناعەتە نەگۆڕەکانیشمان شتێکی وشک و برینگ نین، هەروەها ڕۆمانی سەدەی نۆزدەهەمیش لە توانایدا نییە لە واقیعی هاوچەرخ تێبگات و لە ئامێزی بگرێت، بەپێی پێویست ڕۆمان گۆڕاو چیرۆکنووسیش تلیسایەوە..(گەیشتە ئەوەی کە گێڕانەوەی چیرۆک لە شێوەی سەردی ڕووداوەکاندا کارێکی نەگونجاو بێت) —ڕۆب گرێ

٢-چەمکی ڕۆماننووسینە بەسەرچووەکان..

لە ڕاستیدا زۆرینەی ئەو قەناعەتانەمان کە بەڕۆمانمان هەبوو وردوخاش بوون. (ڕۆب گرێش) ئەو چەمکانەی ڕۆماننووسین کە بەسەرچوون بێ بەزەییانە باسیان دەکات، یەکەمیان کە تەوەری کلاسیکی بووە، هەروەها لە ڕۆمانی تەقلیدیشدا بەشێوەیەکی مومیایی لە بەردەوامیدا بووە، بۆیە بەرهەمە ئەدەبییە تازە باڵاکان، جۆرە کەسانێکمان پیشان دەدەن، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ پاڵەوانەکانی بەلزاکدا یەک ناگرنەوە، وەکو لە ڕۆمانی هێڵنجدان، نامۆ، گەشتی درەنگە شەوو...(٢)، کە ئەم جۆرە ڕۆمانانەیش لێکۆڵینەوە نین دەربارەی خووڕەوشتی مرۆڤایەتی..

(پێکیت ناو و شێوەی پاڵەوانەکەی لە هەمان ڕۆماندا دەگۆڕێت، فۆکنەریش بەمەبەستەوە تاقە ناوێک بۆ دووکەس دادەنێت، وەک لە ڕۆمانی (کۆشکێکی گوندی)دا تەنها پیتی یەکەمی ناوەکەی دادەنێت، کە هیچ شتێکی نییە، نە ڕوخساری هەیەو نە خێزانیشی هەیە، لەوانەیشە کرێکارێکی ڕووپێوی زەویش نەبێت..). -ڕۆب گرێ

چەرخی ئێستامان چەرخی ئەو تاکە کەسە سەرکەوتووە نییە، کە جیهانی لە دەستدایەو کەسییەتی ڕۆمانی نوێیش دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییە...

(لە ڕاستیدا بە واتای وشەی سادە، داهێنەرانی کەسێتییەکان نەیانتوانیوە سەرکەوتووبن، بگرە چەند بتێکیان پێشکەش کردوین، چونکە خۆیان لە توانایاندا نەماوە بڕوا بەو کەسێتیانە بکەن، ڕۆمانێک کەسێتی تێدا بێ کە لەبەرەی ڕابردووە، مۆرکی چەرخێکی تایبەتییە، ئەو سەردەمەی کە بە بەرزبوونەوەی کەسی تاک چاپکرابوو) ڕۆب گرێ.

لێرەدا چەمکێکی دی بەسەرچوو هەیە، ئەویش (چیرۆک)ە، بە واتایەکی وردتر ئەم جۆرە چیرۆکە، کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەگێڕدرێتەوەو پشت ئەستوورە بە باوەڕی ڕاست و دروستی و پشت دەبەستێت بە تەکنیکی ڕۆماننووسینێکی بە ئەزموون، وەکو بەکارهێنانی زەمەنی ڕابردوو و کەسی سێیەم و ڕەچاوکردنی زنجیرەبوونی ڕەوتی ڕووداوەکان و پەرەسەندنی حیبکەی چیرۆکەکە..

(لە ڕۆماندا هەموو شتێک مەبەستی ئەوەیە، کە وێنەیەکی نەگۆڕی جیهان بسەپێنێ، بە وێنەیەکی خۆگرتوو، ئارام، کە یەک مەبەستی هەبێت و بەجۆرێکی تەواو بۆ شیکردنەوە گونجاوبێت، وەکو چۆن تێگەیشتنمان لە جیهان جێگای گومان نەبوو، هەروەها چیرۆک گێڕانەوەکەیش هیچ گیروگرفتێکی نەدەهێنایە ئاراوە، دەکرا نووسینی ڕۆمانێک شتێکی بێوەی بێت) ڕۆب گرێ.

حیبکەی ڕۆماننووسین بەرەبەرە ڕووەو نەمان دەڕوات، چونکە لە توانایدا نەماوە ببێت بە کرۆکی

ڕۆمان، ئیدی لەو ساتەوە بڕوامان پێی نەما، چیرۆک لە توانایدا نییە سروشتی بێت، چونکە نووسین بەو بێ تاوانییەی خۆی نەمایەوەو ئامرازێک نەبوو بۆ نووسینەوەی چیرۆک، بگرە بووە بابەتی داهێنانی ڕۆماننووسین، واتا بوو بە بابەتی ڕاستەقینەی ڕۆمان، وەلێ چیرۆک هەر بزرنەبوو، ئەوەتا ڕۆمانەکانی (ڕۆب گریێ) وەکو ڕۆمانەکانی فۆکنەرو پێکیت گەلێک چیرۆکیان تیا ئاخێنراون، بەڵام چەند چیرۆکێکن لەگەڵ یەکدا تێکەڵ دەبن و گومانیان لێدەکرێت کە ڕاست بن و دەڕووخێن، حیبکەی ڕۆماننووسین لە ڕۆماندا ون نەبوو، بەڵام شێوەکەی گۆڕانی بەسەرداهات.. سێیەم چەمکی بەسەرچوو، ڕۆب گریێ پێی وایە (ئیلتیزام) بێت، چونکە نووسین لە پێناوی بڵاوکردنەوەی پەیامێکی تایبەتدا وەکو چارەسەرێک پەیابوو، وای لێ تێدەگەیشت، (ڕۆمان لە پێناوی چێژ بەخشیندا شتێکی بێ کەڵک بێ، کاتێ کە ڕۆمان ئامانجی ئەوە بوو خوێنەر باوەڕی پێبکات، بووە شتێکی جێگای گومان بێ..) ڕۆب گریێ.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی ئەنجامەکان جێگای ڕەزامەندی نەبوون، یان ئەوەتا دەبێ بەرهەمێکی ئەدەبیی جیهانێکی (مانەوی)٣مان پێشکەش بکات، یان سەرەڕای لێکدانی بەرهەمە ئەدەبییە هونەرییەکە، دەبێ هەست بکەین کە لەسەر بنچینەیەکی تەفسیری بنیاتنراوە، یان نیشانەیەکی لەمەوبەر کە پێویست بووە بخرێتە بەرچاو و بخرێتە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکەوە، بەوجۆرە وێناکردنەکە خۆی لە خۆیدا شتێکی نالەبارو بێ نرخ دەبێت، (چەمکی بەرهەمێکی ئەدەبی کە هونەرمەند دایهێناوە، لە پێناوی دەربڕینی بابەتێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئابووری، خۆی لە خۆیدا تەوزیفکردنە) ئەو هونەرمەندەی باسی بەرهەمێکی ئەدەبی دەکات، تەنها مەبەستەکانی هونەرەکەی ڕووبەڕووی دەبێتەوەو سەرقاڵبوونی بە کارە هونەرییەکەی، کە خزمەتی شتێکی دیکە بکات، لەلای ئەو دەبێتە ئەرکێکی زیادەی نەگونجاو، هەروەها «ڕۆب گریێ» وای بۆ دەچێ ئەو مەسەلانەی کە هونەر و کۆمەڵ دەیخەنەڕوو، ناتوانرێت بەشێوەیەکی هاوبەش چارەسەربکرێن، چونکە هونەر سەبارەت بە کاری سیاسی لە زۆر کاتدا شتێکی تەسک و دیاریکراوە، ئەگەر هاتوو هونەرمەند ڕێک هەوڵی ئەوە بدات بەرهەمە ئەدەبیەکەی لە بیروباوەڕ پڕبکات، ئەوا هەمیشە بەدەستی ئەو حەزەوە دەناڵێنێ، بۆ دەربڕین لەوەی کە لە دەرەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکەیدا بوونی نییە..

چەمکی چوارەمی بەسەرچوو (شێوەو ناوەڕۆک)ە، یان بە بارێکی وردترو ئەو بەشەیە کە بەشێوەیەکی تەقلیدی لە نێوان شێوەو ناوەڕۆکدا ڕوودەدات، لێرەدا شتێک نییە لە بەشی چیرۆکی ئەو نووسینەی کە پێ دەگێڕێتەوە دەستکردبێ، بۆ ئەوەی لە چیرۆکەکەداو لە نووسینەوەیدا لە مەبەستێکی قووڵتر بگەڕێین، ئەو ئامرازانەش کە بۆ گێڕانەوەی بەکاریاندەهێنین، ئەگەر هاتوو باوەڕی ئەو مەبەستە قووڵە لە دەرەوەی چوار چێوەی هونەردا بێ، کەواتە جیاوازیکردن لە نێوان ئەو و شێوەدا هیچ بوونێکی نامێنێ، چونکە هونەر هەموو شتێکەو قەوارەیەکی تەواوە.. (هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، وەکو جیهانێکی واقیعی وایە، شتێکەو بوونی هەیەو پێویست بەپاکانە ناکات) ڕۆب گریێ.

ئەوەی نرخی بەرهەمێکی ئەدەبی دروست دەکات بەڕای (ڕۆب گریێ)، شێوەکەیەتی و واقیعی بوونەکەیشی لە شێوەکەیدایە، دیسان لە شێوەکەیشدا واتاو (مەبەستە قووڵەکەی) یان ناوەڕۆکەکەی دەدۆزینەوە..

گۆڕینی هەر شتێک لە ڕۆمانێکی مەزندا سەرجەمی وێراندەکات، کەواتە نووسین بە تەنها هەر خۆی بەرپرسیارە (قسەکردن دەربارەی ناوەڕۆکی هەر ڕۆمانێک وەکو شتێکی بێلایەن لە شێوەکەیدا، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هونەری ڕۆماننووسین لەناو هونەرەکانیدا، چونکە بەرهەمی ئەدەبی ناوەوەی شتێکی تیا نییە، پڕ بە پێستی واتای وشە (وەکو دەفرێک وایە شتێکی ئەوتۆی تیا نەبێ کە سروشتێکی نامۆی هەبێ)، یان هونەر پریاسکەیەکی هەمەڕەنگی دەرەوشاوە نییەو بەشتی ڕازاوە داپۆشرابێت، کە بریتییە لە (ناوەڕۆکەکەی) و نووسەر دەیەوێ بیخاتەڕوو، یان کاغەزێکی ڕەنگ زێڕین نییە پاکەتی پسکولاتەی پێ بپێچرێتەوە، یان بۆیەی دیوارێک بێ، یان دۆشاوێک تامی ماسی خۆش بکات، بۆیە هونەر بۆ هەر پابەندبوونێک سەردانانەوێت و، نەبۆ هەر مەبەستێکی تریش کە لەمەوبەر دیاری کرابێت، چونکە پشت نابەستێ بەو ڕاستییەی کە لەپێش خۆیدا هەبووە، دەتوانین بڵێین تەنها دەربڕینە لە خودی خۆی، هەر بە خۆی پارسەنگی خودی خۆی دەخولقێنێ و لە پێناوی خۆیدا واتا تایبەتییەکەی

دەبەخشێت، ئەگینا هەرەس دەهێنێت)-ڕۆب گریێ.

ڕۆب گریێ بەوە رازییە کە بە شێوەخواز (شەکلانی) تاوانبار بکرێ و یەکێک بێ لە بەرەی (هونەر بۆ هونەر)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەمکانە لەبەرەی ئەو ڕێبازە ڕۆماننووسینەن، کە لەمەوبەر ڕەتیدەکردنەوە، تادەگاتە ئەوەی بڵێ نووسەری راستەقینە ئەو کەسەیە کە هیچی پێ نییە، بەڵام بۆ قسەکردن رچەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو رچەیە کە بابەتەکە بە پێویستییەکی ناوخۆیی دادەنێت و بەرهەمە هونەرییەکە لێوەی دەست پێدەکات، بە هەڵەدا دەچین ئەگەر وا بیربکەینەوە ڕۆب گریێ دژی هەموو تەقلیدێک بوویێت و بە گوێرەی ئارەزووی خۆی هەموو شیرازە سەرەکییەکانی ئەدەبی پێشینە دەڕووخێنێ، بۆ ئەوەی ڕۆمانێکی نوێ لەسەر کێڵگەیەکی کاولدا بخولقێنێ، ئەو شتێک ناڕووخێنێ وەکو خۆی دەڵێ، بەڵام تەنها مەرگی ناکامەکان پێشکەش دەکات، ئەو شیرازە هونەرییەکان کە لەلای ئەودا لە مێژە مردوون و گشت پێوەرە جوانکارییەکان (ستاتیکا) مردوون و هیچ ناگەیەنن و دەبێ ڕۆمانی زیندوو لە دەرەوەی ئەم پێوەرانەدا بەشوێن ڕێبازەکەی خۆیدا بگەڕێت، وەلێ ئەمەیش ڕێگا لەو ڕۆماننووسانە ناگرێت کە لە نووسین بەردەوامبن، وەکو چۆن لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا ئەمەیان کردووە، بۆیە شێوە کۆنەکان ناتوانن جگە لە ئەدەبێکی مردوو بەولاوە هیچ بدەنە دەستەوە.. «ڕۆب گریێ» ئەو فریودان و جادوو بازییە ئاشکرا دەکات، وەلێ ئەمە ڕێگا لە زۆربەی خوێنەرانیش ناگرێت، کە بەپێی ئەو پێوەرە کۆنانە ڕۆمانەکان ڕۆژژمێر بکەن، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی تووشی گێرەشێوێنیی زەینی ببن، لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانە نوێکاندا، چونکە لە راستیدا لەو ڕۆمانە نوێیانەدا ئەوە نادۆزنەوە کە بە شوێنیدا دەگەڕان، ئەو جیهانەی تیا هەست بە ئاسوودەیی دەکەن لە ڕۆمانی تەقلیدیدا لە چاو ونبوو، لە هەمان کاتیشدا ئەو سەردەمەی کە ئەو ڕۆمانە نوێنەری بوو.

(گەر هاتوو خوێنەر هەندێجار خوێندنەوەی ڕۆمانێکی نوێی بەلاوە گران بوو، ئەوا دیسان خۆیشی بە هەمان بار لەو جیهانە واقیعیە زۆرجار بزردەبێت، لە کاتێکدا هەموو شتێ لە دەوروبەری واز لەو بنەماو پێوەرە کۆنانە دەهێنێت)-ڕۆب گریێ.

## شێوەکانی ڕۆماننووسینی نوێ:

کەواتە ئەو شێوە ڕۆماننووسینانە چین کە (گریێ) هەوڵی بۆ داهێنانیان داوە؟ ئەو شێوانەن: (دەیەوێت بەتوانا بن بۆ دەربڕینی (داهێنانی) ئەو پەیوەندییە نوێیانەی نێوان مرۆڤ و جیهانەکەی) کاری داهێنانی ڕۆمان پشت بە میتافیزکیا نابەستێت، بەڵام لە بنەڕەتدا پشت بەوە دەبەستێت کە هەموو میتافزیکیایەک لە خۆی دووربخاتەوە، ئەم کارەش لەگەڵ پەرەسەندنی مێژوودا یەکدەگرنەوە.

(کاتێک چینی بۆرژوا پاکانەو مافەکانی خۆی پەیتا پەیتا لە دەستدەدات، ئایدیایش بنچینە گەوهەرییەکانی (٤) خۆی لە دەستدەدات، ئەوەبوو (فینۆ مینۆلۆژیا) (٥)، بەرەبەرە لە توێژینەوەی فەلسەفیدا جێگای یەکەمی گرتەوە، ئەوەش بوو بە زانستی فیزیک و وردکەکانی پێکهاتەی جیهانی راگەیاند، تەنانەت لە هەمانکاتیشدا زانستی دەروونشناسی گۆڕانێکی گەورەی بەسەرداهات، بۆیە ئاماژەکانی جیهانی دەوروبەرمان کاتییەو تەنانەت ناکۆکیشن، دەشێ هەمیشە تووشی گومان ببن، ئایا واقیع ئاست و واتای هەیە؟ ئایا هونەرمەندی هاوچەرخ دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: نا، چونکە شتێک دەربارەی نازانێت).

بیروباوەڕە فەلسەفییەکان هەندێ ڕۆشنبیرییان خستەسەر شتەکان و دەستیانکرد بە شاردنەوەی ئەو جیهانەی کە لەبەرچاوی ڕۆماننووسە، ئەنجام بەهەموو رووتی و راستییە سەرەتایەکانییەوە دەرکەوت.

(جیهان هیچ واتایەک نابەخشێت و بێهودەش نییە، بەهەموو سادەییەکی خۆیەوە بوونی هەیە، لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەمە مایەی سەرنجدانە، بەڵام کاتێک ئەو شتە سەرەتاییە لە لامان ئاشکرا دەبێ، لە پڕێکاو بە توندی هەستی پێدەکەین و سەرنجی ئەوە دەدەین لە ئاستیدا هیچمان پێناکرێت و هەموو بنیاتنانێکی جوان و ڕێکوپێک هەرەس دەهێنێ، ئەوەی سەبارەت بە جیهان بەجارێک بیرمان لێی دەکردەوە، هەرکە لەناکاو چاومان دەکەینەوەو جارێکی دیکە سەبارەت بەو واقیعە سەرسەختە شاگەشکە دەبین، کە خۆمان واپیشاندەدا گەیشتووینەتە ئامانجەکەی، کەچی شتەکان هەرخۆیان لە دەورمان هەن، بە هەموو رووخسارێکی روون و مەلموسەوە خۆیان دەخەنەدەروو، وەکو چۆن لەمەوبەر دەستیان لێنەدرابێت، بەبێ هیچ ورشەو شەفافییەکەوە، بۆیە

ئەدەبەکەمان لەوەدا سەرکەوتوونەبوو، شتێکی بچووکیشی لێ دەستکەوێت، یان شێوەکەی بگۆڕێت و یان هەر هیچ نەبێ هێڵێکی لێبگوێزێتەوە) -رۆب گرێ.

جیهان لەلای ئێمە بەشێوەیەکی جیاواز هەیە، رۆماننووسیش دەست بە باسکردنی ئەم جیهانە دەکات، وەک بڵێی زەوییەکی نوێی دۆزیبێتەوە، ئەرکی ئەو ئەوەیە تەنها بە راستگۆیی وەسفی ئەم جیهانە بکات نەک شیبکاتەوە، (شتەکان و جووڵانەوەکان پێش هەموو شتێک بوونی خۆیان دەسەلمێنن) -رۆب گرێ.

لە روانگەی «رۆب گرێ»وە مرۆڤ ناتوانێت جیهان شیبکاتەوە، دەسا دەبێ بەتەنها سەیری بکات و گوێی لێبگرێت و هەستی پێبکات، چونکە بۆ ناسینی جیهان ناتوانێت لە رووبەرەکەی بەولاترەوە بڕوات، تەنها ئەوەش بە ئامرازەکانی هەستپێکردن دەبێت، (مرۆڤ تەماشای جیهان دەکات، بەڵام جیهان هەمان تەماشاکردنی لەگەڵدا ناگۆڕێتەوە) -رۆب گرێ.

(رۆب گرێ) پێشنیازی ئەوەمان بۆناکات ئایدۆلۆژییەکی تایبەتی دابمەزرێنێ، کە رۆمان پشتی پێببەستێت، بگرە بە پێچەوانەوە لە بۆچوونی ئەوەوە ئاواتی رۆمان ئەوەیە، لە هەموو بونیادێکی ئایدۆلۆژی رزگاری بێت، دەسا مەسەلەکە دەربارەی (ریالیزمی نوێ)یەو بۆمان هەیە یەکسەر لە ناوەڕۆکەکانی تێبگەین، بە ناچاری وەسفکردنی جیهان وشکدەبێ و بە گوێرەی ئەوەی ئەم وەسفە لە ئادەمیزادەوە بەتەواوی دوورە، لێرەشدا مرۆڤ لە دەرکەوتنی خۆی رادەوەستێت، تا وایلێدێت شتەکان تەنها درێژە پێدانی رەنگەکان بێت و جیهانێکی تاریک دەخولقێنێ، کە هیچ واتایەک نادات بە دەستەوە، بەڵام تاک بوونی خۆی دەسەلمێنێ کە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت، بەڵام هەڵەیەکی دژوار دەکەین، ئەگەر بێتو لە رۆب گرێی رۆماننووسدا پێوانەیەکی ئەم جیهانە بەدی بکەین، دوور لە هەموو هەست کردنێک بەواقیع، جیهانبوونی هەیەو ئەمەیش شتێکی سەپاوە، بەڵام مرۆڤ خۆی هەست و درکی پێدەکات، چونکە جیهان دەستەوسانە لەوەی هەست بەخۆی بکات، مرۆڤ تەماشای دەکات و ئاگاداری بوونەکەشیەتی، بەم جۆرە ریاڵیستی «رۆب گرێ» ریاڵیستییەکی خودییە، یاخود ڕیاڵیستییەکی ناوەوەیە، پێش هەموو شتێک جیهانی «رۆب گرێ» بینراوە کە نووسەر وەسفیدەکات، وەسفکردن هەمیشە رەنگدانەوەی کاری هۆشە، دەبینێ و یاددەکاتەوەو خەیاڵ دەکات و خورافەتەکان دەگێڕێتەوە، زەمەنی رۆمانەکەش دەبێتە (زەمەنی مرۆڤایەتی)، هیچ پەیوەندییەکی نییە بەزەمەنی سەعات و وەختەوە، واتا هیچ پەیوەندییەکی نییە بەزەمەنی تێهەڵکێشی کلاسیکەوە لە رۆمانی تەقلیدیدا، لە رۆمانەکانی «رۆب گرێ»دا مرۆڤ دەرکراو نییە، وەکو هەندێ دەبێژن و نە دووریش خراوەتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە لەناو کرۆکی رۆمانەکەدایە.

## پەراوێز:

*ساڵی ١٩٨٤ خۆم چاوم بە «ئالان رۆب گرێ» کەوت، کە ئەوسا هاتبوو بۆ بەغدا، یەک دووجار لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی عێراق دانیشتین و لە بارەی رۆمانەکەیەوە قسەمان کرد، ئەویش هەواڵی وەزعی کوردو ئەدەبی کوردیی پرسی، بەڕاستی لە بیرم نەماوە کە چیمانوت و نەهووت، من بەکوردی قسەم دەکرد ئەویش بە فەرەنسی و برادەرێک ناوی «شاکر نوری» بوو، خەزووری «جەلال زەنگاباد»ە، وەرگێڕمان بوو.

(١)- کۆمیدیای مرۆڤایەتی: ناونیشانی کۆمەڵێک رۆمانی (ئۆنوریێ دێ بەلزاکە)، بەم ناونیشانە گشتییە تۆمارکراون، هەر لەدەرچوونی یەکەم رۆمانی نووسەرەوە لە ساڵی ١٨٤٢..

(٢)ئەو سێ رۆمانە یەک لەدوای یەک هی سارتەرو ئەلبێر کامۆن.

٣-مانەوی: ئاینی مانی فارسییە کە پشت دەبەستێ بە ململانێی دوو قوڵی لە نێوان دوو شتی دژدا، وەکو خێروشەڕ، لێرەدا نووسەر مەبەستی ئەوەیە وێنەگرتنی واقیع بەشێوەیەکی مانەوی سادەیە.

٤- گەوهەریزم: رێبازێکی فەلسەفییە کە دەڵێ گەوهەر دەکەوێتە پێش بوونەوە، بەپێچەوانەی وجودیەتەوە.

٥- فینۆمینۆلۆژیا: دیاردەگەرایی، رێبازێکی لێکۆڵینەوەی فەلسەفییە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بریتییە لە وەسفکردنی دیاردەکان، وەکو بۆمان دەردەکەوێت بەچاوپۆشین لەو راستییانەی کە لە پشتیەوەیەتی، ئەم رێبازەش هۆسرل و سارتەر گرتیانەبەر.

*سەرچاوەی ئەم باسە لەگۆڤاری (الاداب الاجنبیە)وەیە ژمارەی ٤ تایبەت بە رۆمان، ساڵی ١٩٧٩.